# پێشنیازە یاسای ئەرك ومافەكانی هێزكاری تەندروستی لە هەرێمی كوردستان-عیراق

## بەشی یەكەم

## پێناسە و ئامانجەكان

**ماددەی (١) : پێناسەكان**

بۆ مەبەستی حوكمەكانی ئەم یاسایە، ئەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناكانیان لە بەرامبەریانە:

یەكەم/ هەرێم: هەرێمی كوردستان-عیراق.

دووەم/ ئەنجوومەنی وەزیران: ئەنجوومەنی وەزیران لە هەرێم.

سێ یەم/ وەزارەت: وەزارەتی تەندروستی لە هەرێم.

چوارەم/ وەزیر: وەزیری تەندروستی لە هەرێم.

پێنجەم/ دامەزراوەی تەندروستی: هەموو ئەو شوێنانەی خزمەتگوزاری تەندروستی پێشكەش بە نەخۆش دەكەن چ لە كەرتی گشتی بن یان تایبەت.

شەشەم/ خزمەتگوزاری تەندروستی: هەر رێكارێكی خۆپارێزی و چارەسەری تەندروستی یان پزیشكی، پشكنینی تاقیگەیی یان تیشكی یان كلینیكی، نەشتەرگەری، لەدایكبوون، كوتان، دەرمان، مانەوە لە نەخۆشخانە، و پێداویستیەكانی چارەسەری دیكە بۆ نەخۆش و هاوولاتیان لە خۆ دەگرێت.

حەوتەم/ نەخۆش: هەر مرۆڤێك پێویستی بە خزمەتگوزاری تەندروستی هەبێت.

## بەشی دووەم

## ئەرکەکان

**ماددەی (٣)**: پابەند بوون بە ڕێساکانی پیشەی تەندروستی و ڕەفتارکاری پیشەیی و ڕێزگرتن لە کەسایەتی مرۆیی و پاراستنی نهێنی نەخۆش.

**ماددەی (٤)**: پابەند بوون بە پیادەکردنی نازناو و پسپۆریەکان بە گوێرەی بڕوانامە و مۆڵەتەکەی، و مافی نی یە بانگەشە بکات بۆ پیادەکردنی پسپۆریەك کە ڕێگە نە درێت پیادەی بکات.

## بەشی سێیەم

## مافەکان

**ماددەی (٥)**: نابێت هێزکاری تەندروستی دەست بەسەر بکرێت یان ڕابگیرێت لەسەر ئەوسکالآیانەی کە لەسەری تۆماردەکرێت لەئەنجامی جێبەجێکردنی پیشەی تەندروستی، تا ئەوکاتەی لە لایەن لیژنەی لێکۆڵینەوە پشکنین و بەدواداچوونی بۆدەکرێت، و پێویستە ئەوکەسەی سکاڵای لەدژی تۆمارکراوە کارەکانی ڕابگیرێت تا دەرچوونی ڕاپۆرتی کۆتایی لیژنەی لێکۆڵینەوە.

**ماددەی (٦):** ئەوکەسەی کە تاوانێك دەکات بەرامبەر بە هێزکاری تەندروستی، لەکاتی دەوامی فەرمیدا یان لە ئەنجامی بەجێهێنانی هەر ئەرکێکی تەندروستی، بەپێی ئەو یاسایانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت کە بەرکارن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تاوان لە بەرامبەر کارمەندانی دەزگاکانی تر.

**ماددەی (٧):** وەزارەت هاوکار لەگەڵ سەندیکا پیشەییەکانی تەندروستی، کرێی پشکنینی هێزکاری تەندروستی دیاری دەکات لە پاش تێپەربوونی شەش مانگ بە سەر دەرچواندنی ئەو یاسایە، و پاشتریش پێداچوونەوە بە نرخەکان دا دەکەن لە ئەنجامی گۆڕانکاری ئابوری یان دارایی دا.

**ماددەی (٨):** ئەرکی پاراستنی هێزکاری تەندروستی و دامەزراوە تەندروستی یەکان بە وەزارەتی ناوخۆ دەسپێردرێت، کە بە ڕێکاری تایبەت و بە هەماهەنگی لە نێوان هەردوو وەزارەت و وەزارەتی ناوخۆ بە پێی پێویستی دامەزراوەکان و جۆری خزمەتگوزاری و ناوچە جوگرافیەکەی دیاری دەکرێت.

**ماددەی (٩):** وەزارەت ئەرك و تێچووی چارەسەری نەخۆشی ئەو هێزکارە تەندروستیانە دەگرێتە خۆی کە لەدامەزراوە تەندروستییەکانی کەرتی گشتیدا کار دەکەن و لە ئەنجامی ئەرکەکەیدا تووشی دەبێت، لەکاتی نەخۆش کەوتنیاندا، لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکانی وەزارەت.

**ماددەی (١٠):**

یەکەم/ پێویستە لەسەر وەزارەت ئەرکی دابین کردنی پارێزەر و بەدواداچوونی یاسایی بگرێتە ئەستۆ بۆ ئەو سکالأیانەی کە هێزکاری تەندروستی دەیکەن لەسەر ئەوکەسانەی تاوانیان بەرامبەر ئەنجام داون، لەکاتی بەجێهێنان یان لە ئەنجامی بەجیّ هێنانی پیشەی تەندروستیدا لەدامەزراوە تەندروستییەکانی کەرتی گشتی دا.

**دووەم/** پێویستە سەندیکا پیشەییەکانی تەندروستی ئەرکی دابین کردنی پارێزەر و بەدواداچوونی یاسایی بگرنە ئەستۆ بۆ ئەو سکالاَیانەی کە هێزکاری تەندروستی دەیکەن لە سەر ئەوکەسانەی تاوانیان بەرامبەر ئەنجام داون لەکاتی بەجێهێنانی یان لە ئەنجامی بەجێهێنانی پیشەی تەندروستیدا لە دامەزراوە تەندروستییەکانی کەرتی تایبەت وگشتی دا.

## بەشی چوارەم

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی (١١):** پێویستە لە سەر ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی (١٢):** پێویستە وەزیر ڕێنمایی بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**ماددەی (١٣):** کار بە هیچ یاسا و بریارێك ناکرێت کە پێچەوانە بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی (١٤):** ئەم یاسایە لە بەرواری بلاَوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

## هۆکارەکانی دەرچوواندن

بە مەبەستی پاراستنی هێزکاری تەندروستی لەو تاوانانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەکاتی بەجێهێنان یان لەئەنجامی بەجێهێنانی پیشەی تەندروستیدا، و هاندانی هێزکاری تەندروستی تاراوگە بۆ گەڕانەوە بۆ هەرێم ئەم یاسایە دەرچوێندرا.